# ڕاگەیاندنێک بە بۆنەی ڕۆژی کۆمەڵە

٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵەیە، بەم بۆنەوە بەگەرمی پیرۆزبای لە خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان، لە کەسوکاری گیانبەختکردوان و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و لە هاوڕێیانی دێرینی خۆمان دەکەین و لە وەبیرهێنانەوەی ئەو ڕۆژەدا خۆمان لەگەڵیان بە شەریک و هاوبەش دەزانین.

هەر بەمبۆنەوە بە پێویستی دەزانین ئاوڕێک لەو ڕاستییانە بدەینەوە کە کۆمەڵەی لە کوردستاندا کردە هێزێکی کۆمەڵایەتی شۆڕشگێڕ، هێزێکی پێشرەو و هەڵسوڕی ڕێگای عەدالەتی کۆمەڵایەتی و بایەخە دیموکراتیکەکان، هێزێکی پێشەنگی بزوتنەوەی نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی و هێزێکی جێگای متمانە و باوەڕی خەڵک. لەهەمان کاتیشدا ئەو لاوازی و کەموکوڕییانە ببینین کە بارودۆخی شێواو و نالەباری ئەمڕۆیان بۆ کۆمەلە ساز کردووە.

هەمو ڕاستییەکان پێمان دەڵێن کە کۆمەڵە بە پشت بەستن بە هێزی ڕاستەقینە و ڕاستەوخۆی جەماوەری خەڵک و لەسەر بنەمای سیاسەتێکی روون و شۆڕشگێڕانە و کۆمەڵایەتی کە ویست و ئاواتە لەمێژینەکانی خەڵکی کوردستانی دەردەبڕی، لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە هێزێکی کۆمەڵایەتی حاشا لێنەکراوی لە سڕینەوە نەهاتوو. بیری ورد، ڕاستگۆیی، لەخۆبوردەیی و ئەوینی گەورە و بڕوای قایم بە بەختەوەری و سەرکەوتنی خەڵک لەو کۆڵەکانە بوون کە ڕێگای ئەم بەرەوپێشچوونەیان بۆ کۆمەڵە خۆش کرد. ئێمە دەتوانین نمونەی ئەو تایبەتمەندییانە لە سیمای ڕێبەری وریا و بەتوانای کۆمەڵە، هاوڕێ فوادی مستەفا سوڵتانی، لە سیمای کادر و ڕێبەرانێکیدیکەی وەک هاوڕێ حەمەحسینی کەریمیدا ببینینەوە، کە ڕۆژی گیانبەختکردنەکەی بوتە ڕۆژی کۆمەڵە. بە دڵنیاییەوە سیاسەتی چەوت و چەوێڵ، لادان و هەڵسوکەوتی ناشرین بەدوور بوون لەو تایبەتمەندی و پێوانانەی کە کۆمەڵەی پێوە هەڵدەسەنگێندرا و دەناسرایەوە.

کۆمەڵە بریتی بوون لە ژنانی ئازا و بەجەرگی پێشمەرگە، کە لە مەیدانەکانی هەڵسوڕانی سیاسی و نیزامیدا، لە ڕاگەیاندن و برەودانی سیاسەتی شۆڕشگێڕانە لە ناو جەماوەری خەڵکدا چالاکانە هەڵدەسوڕان و گەلێک هەنگاوی بەبڕشت و قایمیان لە تێکشکاندنی دابونەریتی پۆڵکیوی کۆن هەڵگرت. کۆمەڵە بریتی بوون لە ژنان و پیاوانێکی تێکۆشەری پێشمەرگە، کە لە سەرمای زمهەریر و گەرمای تاقەتپڕوکێندا، لەبەر بڕوای پتەو بە ئامانج و درێژەدانی ڕێگایان کۆرپەکانیان دەناردەوە شار و گوندەکان، ژمارەیەکیان تەنیا پاشی ساڵانێکی یەکجار زۆر توانیان بە دیداری ڕۆڵەی بێبەش لە خۆشەویستی دایکانە و باوکانەیان، شاد ببنەوە و بۆ یەکەمجار بیانبیننەوە، کە ئیتر گەورە ببوون. تەنانەت زۆرێک لەوان لێویان بە گلە و گازندە نەبزووت و بەداخەوە گەلێک لەو ئازیزانەش هەرگیز نەیانتوانی بەو شادییەش بگەن، چونکا بە ڕیزی کاروانی گیانبەختکردوانی کۆمەڵە پەیوەست ببوون. یەکجار زۆربوون ژمارەی ئەو کەسانەشیان کە جگەرگۆشەکانیان لە بوردمان و تۆپبارانەکاندا، لە هەلومەرجە دژوار و ئەستەمەکاندا لە لای خۆیان هێشتەوە و بە دڵی قایم و پتەوەوە وێرای ڕاپەڕاندی کار و ئەرکی شۆڕشگێرانەی ڕۆژانەیان دەیانپاراستن و پەروەردەیان دەکردن.

دەبێ کۆمەڵە لە ناو خاوخێزانی هەژاری گوندنشینەکانی کوردستاندا ببینینەوە کە سفرەی دەستکورتانەی خۆیان بە سینگی فراوان و بە دڵی ئاوەڵەوە بۆ پێشمەرگەکانی کۆمەڵە دەکردەوە. یاریدەدەری برینداڕەکانی کۆمەڵە بوون و دەیانشاردنەوە هەتا دەستی دوژمنانە و دژمرۆڤانەی کۆماری ئیسلامی نەیانگاتێ. دەبێ کۆمەڵە لە لای ئەو ئینسانە لێبوردووانەدا ببینینەوە کە مالوحال و جێگای کاروژیانی خۆیان، سەرەڕای مەترسی گیران و تێداچوون دەکردە شوێنێکی ئەمین و بێوەی بۆ کار و هەڵسووڕانی شاراوەی هاوڕێ و کادرە ناسراو و نەناسراوەکانی کۆمەڵە. دەبێ کۆمەڵە لە ناو ژمارەیەکی زۆر لەو خاوخێزانانەدا ببینینەوە کە بە چاوی ڕۆڵەکانی خۆیان دەیانڕوانییە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە. لێرەشدا جێگایەتی ڕەنج و مەرارەتی ئەو دایکە دڵقایم و کوێرەوەری چەشتووانەی پێشمەرگەی کۆمەڵە وەبیربهێندرێتەوە  کە بە بێ گوێدان بە مەترسی گیران و لێدان و کوشتن، دڵ لە ناو مست، شاخ

و داخیان بە دووی رۆڵەکانیان دەپێوا و پریسکەی بوون و نەبوونی خۆیان بەسەر رۆڵە و هاوڕێکانیاندا دابەش دەکردن.

دەبێ کۆمەڵە لە تای تەرازوی کار و هەڵسوڕانە شۆڕشگێڕانەکانی، وەک ڕێکخستنی کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریوان و شارەکانی‌دیکە، دامەزراندنی یەکێتی جوتیاران، لە بەشداری چالاکانەی کادرەکانی بۆ پێکهێنانی جەمعییەتە دموکراتیکەکان لە شارەکانی کوردستان، ڕێکخستنەکانی ژنان و هی‌تردا هەڵسەنگێندرێ. دەبێ کۆمەڵە لە کاروهەڵسوڕانی ئازایانەی کادرەکان و سیما ناسراوەکانی بۆ دامەزراندنی شۆڕای شارەکانی سنە، بۆکان و سەقز و هی‌تردا ببینینەوە. دەبێ کۆمەڵە لە بەشداری هەمەلایەنەی بۆ ڕێکخستنی بزوتنەوەی جەماوەی بەرگریکارانە و خۆراگری ئازایانەی خەڵکی سنە بۆ ماوەی بیست و چوار رۆژ و هەروەها شارەکانی دیکەی کوردستاندا چاولێبکەین. دەبێ ئەم سیمایە لە هاوکاری شان‌بەشان و هەمە لایەنەی خەڵکی شارەکانی مەهاباد و سەقز و هی‌تردا لە گەڵ پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بۆ هێرش کردنە سەر بنکە و مۆڵگەکانی رژیمدا ببینینەوە. دەبێ کۆمەڵە لە پێوەندی لەگەڵ هەڵوێستی بەبڕشتی شۆڕشگێڕانە و ئەو ئاراستە و رێبازە بەجێیەدا بناسرێتەوە کە لە وتوێژەکانی ئاشکرا لەگەڵ حکومەتدا گرتییەبەر.

ئەمەیە رۆژی کۆمەڵە، یانی رۆژی گوندنشینەکان، رۆژی کرێکاران، زەحمەتکێشان، ژنان و روناکبیران و ئەو مرۆڤە ئازادیخواز و پێشکەوتووانەی کە هەنگاوبەهەنگاو و هاوشانی پێشمەرگە و کادرەکانی کۆمەڵە پڕشکۆترین شانۆی خەباتگێڕانەیان لە هەموو مەیدانە جۆربەجۆرەکان، هەر لە زیندان و کارگە و کارخانەوە بگرە هەتا مەیدانەکانی شەڕی بەرگری‌کارانەدا خولقاندیان و بە کار و کردەوە و هەڵسوڕانی خۆیان رەورەوەی مێژووی خەباتی چەوساوەکانیان قۆناغێک، لەوەی کە هەبوو، بردە پێشترەوە.

ئەم رۆژە لە هەموو لایەکیان پیرۆز بێ، ئێمە لە قوولایی دڵەوە داوا لە خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان دەکەین، لە هەر رێگایەکەوە بۆیان دەکرێ ئەو رۆژە جەژن بگرن، رێز لە هەوڵ و ماندوویەتی و گیانبازی رۆڵەکانی خۆیان بگرن. با لە گەڵ گیانبەختکردووەکانماندا پەیمان تازە بکەینەوە کە رێگایان درێژە پێ‌ئەدەین و بە هەموو تواناوە هەوڵ بدەین لادان و خواروخێچییەکانی کۆمەڵە راست بکرێتەوە.

هیوادارین جارێکی‌دیکە کۆمەڵەیەکی سەرزیندوی بەجەربەزە سەرهەڵێنێتەوە و بە پشت بەستن بە هیز و توانای هەراوترین خەڵکی ئازادیخواز و شۆرشگێڕ مزگێنیدەری رزگاری، عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و سڕینەوەی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بێ و لە پێناو بەدیهاتنی هیوا و ئاواتە بێ‌گەردەکانی خەڵکدا تێبکۆشێ.

سەرنجی یاران دەگاتە یاران
مزگێنی دەدا رۆژی دەربازبوون
رۆژی رزگاری و پێکەوە شاد بوون

| | | | |
|---|---|---|---|
| **١. جەلیل موعین‌ئەفشار** | **٢. جەواد مشکی** | **٣. فریال فەرشچی** | **٤. مەلەکە مستەفاسوڵتانی** |
| **٥. هاشم رەزایی** | **٦. خالد دارایی** | **٧. ئەحمەد بەهرامی** | **٨. مەسعود کەریمی** |
| **٩. رەحمان غوڵامی** | **١٠. رەشاد مستەفاسوڵتانی** | **١١. وەحید عابدی** | **١٢. ئازادۀ محەمەدی** |
| **١٣. محەمەد مۆهتەدی** | **١٤. غوڵام زبەردەست** | **١٥. مستەفا محەمەدی(آرپی‌جی)** | **١٦. خالد عەباسی** |
| **١٧. مەحمود کەیوان** | **١٨. ناجی عەزیمی** | **١٩. بەدیعە کەریمی** | **٢٠. رەحمان ئەرغەوانی** |
| **٢١. سدیق قادری/ یەمێنان** | **٢٢. رەزا مستەفاسوڵتانی** | **٢٣. فەرهاد نادر مەحمودی** | **٢٤. فەروخ مەعانی** |

٢٥. یەحیا دەوەنداری
٢٦. ئەلف. نەویدی
٢٧. رەحیم مەحمودی
٢٨. کاوە ئەڵماسی
٢٩. عەبدوڵا مستەفاسوڵتانی
٣٠. محەمەد حەمیدی/وشترمل
٣١. شاهین کەریمی
٣٢. مەستورە خۆشیاری
٣٣. پرشنگ خورەمی
٣٤. سەلاح کەماڵی
٣٥. لەتیف پەرستار(بانە)
٣٦. فاروق شێرخانی
٣٧. داریوش نەویدی
٣٨. محەمەد فاروقی
٣٩. ئەیوب حەیدەری
٤٠. شەوبۆ موهتەدی
٤١. فەرشاد ناسر مستۆفی
٤٢. شەهناز قورئانی
٤٣. هەڵۆ هەورامی
٤٤. حسێن مەکتوبی
٤٥. حسێن ئیزەدی
٤٦. فەروخ ساڵحی
٤٧. رەحیم ئەمینی
٤٨. نەبی مەکتوبی
٤٩. شەهین غەفاری
٥٠. نەجمە سور
٥١. عەلی نیکدین
٥٢. ئەکبەر سەفەرپور/ یەمێنان
٥٣. عەلی زەمانی
٥٤. سەعید رەشیدی
٥٥. بەها رەحمانی
٥٦. جەلال سیادەت
٥٧. عەباس کەریمی
٥٨. محەمەد بۆداغی
٥٩. محەمەد حەسنپور
٦٠. غوڵام فەرشچی
٦١. عومەر حەسنپور
٦٢. مینا مازوجی
٦٣. شەهلا قادری
٦٤. مۆحتەشەم تاتائی
٦٥. رەزا یەغموری
٦٦. عەلی مستەفازادە
٦٧. عەلی یارئەحمەدی
٦٨. سوڵتان خوسرەوی
٦٩. ئارام بۆداغی
٧٠. فەرزاد ئاویهەنگ
٧١. ئیسماعیل محەمەدی
٧٢. فەخری مسری
٧٣. محەمەد حەسەنخاڵی
٧٤. عەلی حسێنی (سماقان)
٧٥. شەهباز شەهلائی
٧٦. فایزە ساڵحی
٧٧. شایستە سدیقزادە
٧٨. ئەلف . عەجەم
٧٩. عەتا شوان
٨٠. ئەحمەد ئەحمەدی(پارتیزان)
٨١. محەمەد قورئانی
٨٢. محەمەد رەشید هدایەتی
٨٣. خەدیجە حەسنپور
٨٤. پرشنگ بلوری
٨٥. رەوف روحانی